كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:00 17-9-2007

**پەیامێک بۆ هەموو ڕێبەرانی کۆمەڵە... غەفور هێجانانی**

چەند شەوێکە هەمیشە خەو بە شەهیدەکانی ئێوەوە دەبینم، کە هاوڕیان فوئادی مستەفا سوڵتانی و سدیق کمانگەرو جەعفەر شەفیعی و حەمە حسێنی کەریمی و خانەی موعینی و برێك لەهاوڕێیانی شەهیدی دیکە بەردەوام لەخەونەکانمدا زۆر سەرزەنشتم دەکەن، کە بۆچی پەیامێك نانێری بۆ ڕێبەرانی ئێستای کۆمەڵە.

ئەوان پێیان وتم: ئەزانی چەندە ڕۆحمان شادبوو، کە بیستمان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان ساغکرایەوە، کەچی بەداخەوە ماوەیەکە خەریکن لەگۆڕەکەشدا خۆڵ دەکەنە چاومانەوەو جارێکی دی جەستەمان لەخاچ دەدەنەوە ئێمە ئومێدی ئەوەمان دەکرد هاوڕێیانی دیکەش بێنەوە بۆ باوەشی کۆمەڵە.

بەهاوڕێیان بڵێن دەستهەڵگرن لەتوڕەبوون لەیەکتری و چاوسورکردنەوە لەیەك و تێیان بگەیەنن کە ئەو بناغەیەی ئێمە دامانڕشت هەروا بەسانایی مەی ڕمێنن.

تکایە تکایە ئەوەتا کۆمەڵە تا دێت بەخوێنی شەهیدەکانی زیاتر باڵا دەکات و چاوی ئاسۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش ڕونتر فراوانتر دەبێت.

لەدوای ئەو خەونەوە ئیدی بڕیارمدا ئەم پەیامە بدەن بەگوێی ڕێبەرانی کۆمەڵەو پێیان بڵێم: توو خوێنی شەهیدەکان توو ڕێبازی سوری بەش مەینەتان، ئاواتی گەل و زەحمەتکێشانی وڵات لەگۆڕمەنێن، ئەزانن ئێوە چەند جوانە مێژووتان، مێژووی ئێوە گەورەترین شانازییە بۆ نەتەوەو بەشخوراوانی نیشتمان، ئێوە کە داهێنەربوون لەهەموو مەیدانەکاندا، ئێوە کە بوونە هیواو چرای ڕۆنشکەرەوەی ڕێگای سەرفرازی لەبەشێکی جەستەی نیشتمانە لەخاچ دراوەکەم، ئێوە کە حزبە خۆشەویستەکەی باشوری کوردستان بوون، ئەزانن ماوەیەکە ڕۆحمان ژاندەکات بەو ناکۆکیانە، بڕوا بکەن دڵمان لەگەڵ دڵتان لێدەدا، ئێوەن کە مژدەی دواڕۆژێکی پرشنگدار دەدەنە ئەو دیوی نیشتمان، دنیایەك ئومێدمان پێتانە، تکاتان لێدەکەم بەناوی دەیان خانەوادەی شەهیدو خانەوادەی کوڕو کچە پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، دەست لەم ناکۆکیە هەڵگرن، ئەزانم ڕەنگە بەخوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە بڵێن تۆ بەدنیای فکرو سیاسەت ئاشنا نیت، نەخێر زۆر ئاشنام ئەوەتا ئەزمونەکانی دنیا ئەوەیان سەلماندووە، کە دەکرێت جیاوازی یەکتری قبوڵبکەین و لەهەمانکاتدا لەبەر ڕۆشنایی خاڵە هابەشەکان لەچوارچێوەیەکدا خەبات بکەین، دڵنیابن ئێوە بەیەکەوە جوانن و بەیەکەوە مانایەکتان هەیە بۆ بوون، تکایە (کاکە عەبەو کاکە عومەر) پێکەوە چەند ساتێك ڕۆژە سەختەکانی قۆناغی ژیانی کۆمەڵە بهێننەوە بەرچاوتان و دەستتان لەسەر دڵتان دانێن و ئەو ڕاستیەش بزانن کە خەڵکی ئەو دیوو دنیایەك هیوای لەسەر ئێوە هەڵچنیوە.

تکاتان لێدەکەم دەستەکانتان ماچ دەکەم پەیامی شەهیدەکان پەیڕەو بکەن با هەمووان ڕوو زەردی بەردەم لێپرساوێتی مێژوویی نەبین و هەروەك ڕووسوری کۆمەڵە جوانتر بنوێنن.

دەی تا کار لەکار نەترازاوە ئێوە هەمووتان شۆڕشگێڕو خەباتکارن، ئێوە لەئینسانە شەریفەکانی کۆمەڵگەن بڕواناکەم مێژووی خەباتی ئێوە هیچ لەکەیەکی پێوە بێت، بەناوی خەڵکی نیشتمانی چوار پارچەکراوەوە لێتان دەپاڕێمەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.